

دەریا ڕەوانـدزی

# بەسەر پشتی با

1

خودایە...
چی دەبوو
گەر ئەوەی
لەسەرمدایە
رووی دابوایە؟!
ئەو کات
داوای سروشتێکم نەدەکرد
مرۆڤ گوڵەکانی هەڵومرێنێ و
یاری بەقژی با بکات.!

2

ئەی چی دەبوو
گەر بەیانیەک
شاعیرەکان
بەرەو
ڕوگای زەریا بچونایە؟!
خۆ لەوێ
ژیان بەدەم سەماوە
تەڕ دەبوو!

3

ئەی چی دەبوو
ئاسمان، بۆشایەکانی
لەجانتایەك هەڵگرتبوایە؟!
خۆ ئەو کات
باڵندەکانی قەفەس
بیری فڕینیان نەدەکرد!

4

ڕێگە بدە...
شەو دوا جگەرەی
پێش یەکی بەیانی
بکێشێ
لەوەتەی هەین
بە دڵێکی بچوك
دوو کەڵی مەرگ هەڵدەمژین.!

5

نازانم چی دەبوو
گەر زەوی
زەوقی بچوکی
تێکچوبوایەو
نەچووبوایە بۆ جێی ژوان؟!
بەدەنگی پێی
گەڵایەکی پایز
زەوی ڕادەچڵەکێ و
ژوان پڕ دەبێ
لەبۆنی خوێن.!

6

چی دەبوو
خوداکەم
گەر ئەوانە ڕویاندا بوایەو
ئەم ژیانە،
بەتەنیا خۆی

بەڕووتی بمابوایەوە؟!
لێرە کۆترێ دەفرێ
بەبێ ئاسمان
ژیانیش بەدەم خەوێکەوە
بەسەر پشتی با
سەفەر دەکات
دڵێك شك نابات
خۆشەویستەکەی تێدا هەڵگرێ.!

کەنەدا/ئەلبێرتا
دەریا رەواندوزی